UDI

Utlendingsdirektoratet
Norwegian Directorate
of Immigration

# زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی مامڵەکردن لەگەڵ زانیاری کەسی لە کەمپ

تۆ وەک پەناخواز ئەبێ بە شێوەیەکی باش بەدواداچوونت بۆ بکرێت.

کەمپ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیانیەکان (UDI) بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەمانەی ژێرەوە پێویستیان بە کەڵک وەرگرتن لەو زانیاریانە هەیە کە لە سەر تۆ تۆمارکراون

- لە کەمپ جێگەت پێبدەن
- ئەمە مسۆگەر بکەن ئەو پاریەی کە بۆت تەرخان کراوە وەربگریت
- تۆ کە تەمەنت لە ژێر تەمەنی یاساییە ئاگاداری لێبکرێت وپێتڕابگەن
- بە شێوەیەکی گوونجاوی خۆت لەو کەمپەی کە لێی ئەژیت بەدواداچوونت بۆ بکرێت.
- ئەگەر بێتوو وولامی رەفز بۆ داواکاری پەنابەریەکەت وەرگری و داوات لێبکەن بگەرێیتەوە وولاتی خۆت، بتوانن بەدواداچوونت بۆ بکەن.

بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەمانە بکرێن، کەمپ ئەبێ بە نوێنەرایەتی UDI هەندێک زانیاری کەسی تایبەت لە سەر تۆمار بکات و بەکاریان بهێنێت.

کاتێک ئێمە مامەڵە لە گەڵ زانیاری کەسی تۆدا ئەکەین، ئەمە لە چوارچێوەی ئەو یاسا و رێسایانە دا ئەبێت کە ئەرک وکارەکانی ئێمە دیاری ئەکەن، وەک یاسای بیانیەکان، یاسای بەڕێوەبردن و یاسای زانیاری کەسی.

کەمپ و UDI ئەرکی پاراستنی نهێنیان لەسەرەو تەنیا کاتێک ئەتوانن زانیاری لەرسەر تۆ بدەن بە لایەنی تر ئەگەر بێتوو بە پێی یاسا رێگەیان پێدرابێت و یا ئەگەر بێتوو تۆ خۆت سەبارەت بەمە رەزامەندیت دەربڕیبێت.

**تۆ ئەتوانی بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەمانەی ژێرەوە پەیوەندی بە کەمپەوە بکەیت**

- چ جۆرە زانیارییەک لە سەرتۆ تۆمار کراوە
- ئەم زانیاریانە لە کوێوە بەدەست هێنراون
- چۆن کەڵک لەم زانیاریانە وەرئەگیرێت
- بە چ شێوەیەک ئەم زانیاریانە ئەپارێزرێن

تۆ ئەتوانی داوا بکەیت ئەو زانیاریانەی کە لە سەر تۆ بەهەڵە تۆمارکراون، راست بکرێنەوە یا لەناوببرێن. تۆ هەروەها ئەتوانی داوا لە کەمپ یا UDI بکەیت کە ئەم زانیاریانەت بە شێوەی نووسراو پێبدەن.

تۆ ئەتوانی بۆ ئاگاداربوونی زیادتر لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زانیاریانە لە لایەن UDI، ڕاگەیاندراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیانیەکان (UDI) سەبارەت بە پاراستنی زانیاری کەسی بخوێنیتەوە. ئەتوانی ئەمە لە ماڵپەڕی udi.no بەدەست بهێنێت.

## واژۆ (ئیمزا) و پشتڕاستکردنەوە

☐ **من لەو زانیارییەی کە لەم نووسراوەیەدا هاتووە تێگەیشتووم**

_______________________ _______________________

شوێن و بەروار واژۆی تۆ وەک پەناخواز / سەرپەرست